# دەق و گوتار لە زمانی کوردیدا

## چەمك و جیاوازی

(PP 253 - 273)

**پ.ی. د. دارا حەمید محەمەد**

**زانکۆی گەرمیان ، کۆلێجی پەروەردە, بەشی زمانی کوردی**

**Dara.hamid@garmian.edu.krd**

**(ژ.م. 07719475744)**

**بڵاوکردنەوە : 2020/10/29**

**DOI: https://doi.org/10.31972/jickpll19.16**

**پوختە :**

دەق  Textو گوتار Discourse دوو بابەتی زمانیی تێکچڕژاون ، پێکەوەیی و تێکەڵی ئەم دوو بابەتە زۆرجار گرفتی زمانەوانیی دروستکردووە ، بەڕادەیەك کە جیاکردنەوەیان لای زۆرێك لە زمانەوانان ئەستەمە چونکە بۆچوونەکانیان جیاواز و تاڕادەیەکیش دژبەیەکن ، لەم سۆنگەیەوە ئەم توێژینەوەیە، کە بە ناونیشانی (دەق و گوتار لەزمانی کوردیدا، چەمك و جیاوازی)ەوەیە و بەپێی میتۆدی پەسنی شیکەرەوەیی ئەنجامدراوە ،  هەوڵێکە بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتە ،  ئەویش بە جیاکردنەوەی ئەم دوو پێکهاتە زمانییە و ، خستنەڕووی چەمك و بنەماکانیان  و دیاریکردنی سنوور و ستراکچەری Structureهەریەك لە دەق و گوتار ، ئاشکرایشە ، کە دەستنیشانکردنی سنوورێکی تەواو لەنێوان هەردوو پێکهاتەی دەق و گوتار کارێکی سانا نابێت ، لەکاتێکدا  کە بزانین ، زۆرێك لە زمانەوانان و فەیلەسوفەکانی وەك ڤان دایك ( Van Dijk) ، میشیل فۆکۆ ( Foko)، هالیدای (Halliday ) کلاوس برینکەر (Brinker .K)  ، بیشۆ ( PiSho) و تۆدۆر( Todor ) ....تد بۆچوونی جیاوازیان لەسەر وابەستەگیی ئەم دوو بابەتە هەیە . هەربۆیە لەبەرڕۆشنایی بۆچوونە جیاوازەکان و  بەمەبەستی  چارەسەری ئاستەنگ و گرفتەکانی توێژینەوەکە ئینجا  گەیشتن بە ئامانجی سەرەکیی ، کە جیاکردنەوەی هەردوو پێکهاتەی دەق و گوتارە ، توێژینەوەکەمان  بەسەر سێ تەوەردا دابەشکردووە ، سەرەتا چەمکە گشتییەکان و سنورو و بنەماو پێکهاتەی  هەریەك لە دەق و گوتار خراونەتەڕوو ، دواتر و بە سوودوەرگرتن لە تیۆریی پەیوەندیکردن  ( communication )ی ڕۆمان جاکۆبسون  ( R. Jacobson ) و لەڕێی شیکاریی زمانییەوە هەوڵدراوە  هەردوو چەمکی دەق و گوتار لێك جیابکرێنەوە .

**کلیلە وشە :** تێکست ، دیسکۆرس ، کۆنتێکس ، کۆد ، ئاوێتەبوون .

## پێشەکی :

یەکێك لە گرفتەکانی زمانەوانیی ئاوێتەبوونی هەندێك لە چەمکەکانە ، بەڕادەیەك کە جیاکردنەوەیان ئاسان نەبێت . ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی ((دەق و گوتار لە زمانی کوردیدا، چەمك و جیاوازی)ەوەیە ،  هەوڵێکە بۆچارەسەرکردنی یەکێك لەو گرفتانە ئەویش جیاوازییە لە نێوان هەردوو چەمکی دەق Text  و گوتار Discourseدا ، گرنگی ئەم توێژینەوەیە ، کە بە میتۆدی پەسنی شیکەرەوەیی ئەنجامدراوە لەوەدایە هەوڵی چارەسەری گرفتێکی زمانەوانی دەدات ، کە لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ زمانەوانان بۆچوونی جیاوازیان لەسەرهەیە و نەتوانراوە سنووری تەواوی نێوانیان دیارییکرێت ،   توێژینەوەکە بە کەرەستەی زمانیی زاری ناوەڕاست و  بەسوودوەرگرتن لە  تیۆریی پەیوەندیکردن (  communication)ئەنجامدراوە . بەمەبەستی گەیشتن بە ئامانجەکان ، توێژینەوەکە بەسەر

سێ تەوەردا دابەشکراوە . لەتەوەری یەکەمدا : چەمك و پێناسە و سنوور و بنەماکانی دەق خراوەنەتەڕوو .تەوەری دووەم : تایبەتە بە گوتار ، جۆر و مەرج و بنەماکانی گوتار . لە تەوەری سێیەمدا هەوڵدراوە جیاوازی نێوان هەردوو چەمکی دەق و گوتار بخرێتەڕوو .

لەکۆتاییشدا گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکە خراونەتەڕوو ، ئینجا ئاماژەکراوە بۆ ئەو سەرچاوانەی سوودیان لێوەرگیراوە ، پاشان پوختەی توێژینەوەکە بە هەردوو زمانی عارەبی و ئینگلیزی خراوەتەڕوو .

## 1- چەمکی دەق ( Text) :

دەق و گوتار، دوو دروستەی زمانیین ، هەرچەندە شیکارکردنی دەق و گوتار پانتاییەکی فراوانی لە زمانەوانیدا گرتووە بەڵام تێگەیشتن و دیاریکردنی سنووری نێوان ئەو دووستراکتورە زمانییە ئاڵۆزە و تاڕادەیەکیش ئەستەمە ، ئەم دۆخە لە زمانەوانیدا بەگشتی وەك زمانەوانیی عارەبی و زمانەوانیی ئینگلیزی و فەرەنسی و...تد بوونی هەیە . هۆکاری بەردەوامیی کێشەی دەق و گوتار بۆ نزیکی ئەو دوو پێکهاتەیە لەیەکتر دەگەڕێتەوە ، تەنانەت لای بەشێك لە زمانەوانان وەك هاوواتا سەیرکراون ((دەق و گوتار زۆرجار وەك هاوواتا Synonymy بەکاردەهێنرێن))( قادر ، 2009 ، ل31 ) . هەڵبەت ئەم بۆچوونە بەشێکی ڕاستی تێدایە بەڵام بەوردبوونەوە لە چەمکی سینۆنیم و جۆرەکانی ، ئەوا دەردەکەوێت ، کە دەق و گوتار تەنانەت سینۆنیمی ناتەواویش نین .

بابەتی دەق و گوتار وەك ئارێشەیەکی زمانەوانی ڕەنگیداوەتەوە ، بۆ تێگەیشتن لە گرنگی ئەم ستراکتورانە و ئەو پانتاییەی شیکاری ئەم دوو پێکهاتەیە لە زمانەوانیدا دەیگرن ، باشتروایە لەگەڵ بەشەکانیتری زمانەوانیدا بەراوردبکرێن : ((باشترین ڕێگەیەك بۆ تێگەیشتن و شیکارکردنی دەق و گوتار بەراوردکردنیانە لەگەڵ سنوورو پانتایی لقەکانیتری زمانەوانیدا ))( Salkie ,2001,pix ) .

ئەلحمیری بۆ دیراسەکردنی هەردوو پێکهاتەی دەق و گوتار ، کە بەڕای ئەو پەیوەندییەکی پتەو لەنێوانیاندا هەیە ، چەندین پرسیار دەوروژێنێت ، وەك : بنەماکانی گوتار چین ؟ بنەماکانی دەق چین ؟ یان گوتار بەچی دەبێت بە گوتار و چی دەق دەکات بە دەق ؟ جیاوازی نێوانیان چییە ؟ ئایا هەریەکەو خاوەنی ماهییەت و بەهای خۆیەتی و جیاوازە لەویتر ؟ هەروەها دەسەڵاتەکانی( government) هەر یەك لە دەق و گوتار چین ؟ ئەو دەسەڵاتانە لە چییەوە بەدەست دەهێنن ؟ چۆن ئەو دەسەڵاتانە بەکاردەهێنن ؟ (الحميري ، 2014 ، ص 7 ) . ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات وەڵامی بەشێك لە ئەو پرسیارانە و چەندین پرسیاریتری تایبەت بە وابەستەگی و جیاوازی دەق و گوتار بداتەوە .

وەك زاراوە دەق لە Textی گریکییەوە هاتووە ، کە بەمانای چنراو دێت ، هەڵبەت یەکێك لە سیمادیارەکانی دەق بەگشتی و دەقی ئەدەبی بەتایبەتی بەکارهێنانی زمانە لەڕێی چنینی وشە و زاراوەکانەوە لە قاڵب و چوارچێوەیەکی ئێستاتیکاییدا . بۆ زیاتر بروانە(محمد و مرعي ، 2016 ، ص 1803 ) .

بۆچوونەکان سەبارەت بە دەق زۆر و جیاوازن (Dajk, ,1989,p220)، بەلای هەندێك لە زمانەوانانەوە هەموو بەکارهێنانێکی زمان دەق فەراهەم دەکات ((بەکارهێنانی دەق سنوورێکی زۆر فراوان دەگرێتەوە ، بەڕادەیەك هەموو بەکارهێنانێکی زمان چ لە کایەی تێکستدا بێت یان بەرنامەی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و تۆڕەکانی زانیاریی بێت بەدەق هەژماردەکرێت))(فارکلوف،2009،ص22). بەمەش فارکلۆف تەنانەت ئاخاوتنی سەرشاشەکانی(TV)و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان(social networks ) و زانیاری ناو تۆڕەجاڵجاڵۆکەییەکانیش بە دەق دادەنێت ، لەکاتێکدا ئەو جۆرە بەکارهێنانەی زمان زۆرجار هیچ

بنەمایەکی دەقبوونیان تێدا نییە . ئەگەر دەق هەموو دەرکەوتن و بەکارهێنانێکی زمان بێت لە نوسین و وتار ،چیرۆك ...تد گوتار بەکارهێنانی زمانە وەك ماکێکی کۆمەڵایەتی و پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەچەند ڕەگەزێکی ترەوە هەیە لە جومگە جیاوازەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا ، گوتار پێکهاتەیەکە لە کۆمەڵێك گوتنی هەواڵ و ڕووداو و بۆچوون ، واتە گوتار دەکرێت ، ڕووداو و ڕاست بێت . لەهەمان کاتدا دەکرێت ڕاوبۆچوون بێت . (سەرچاوەی پێشوو، ص221 ) . دەق کۆمەڵێك ڕستەی بەدوایەکداهاتووی پەیوەستن (برینکر ،2004،ص31)، بەپێی ئەم بۆچوونەبێت :

یەکەم :ڕستە بناغەی درووستبوونی دەقە .

دووەم : دەقیش لە چەند ڕستەیەك پێکدێت .

ئەگەر بۆچوونی یەکەم ڕاست بێت ، ئەوا بۆچوونی دووەم مەرجی ڕاستی تێدا نابێتە بناغەی دروستبوونی دەق ، چونکە دەق دەکرێت ڕستەیەك یان زنجیرە ڕستەیەك بێت .بۆنمونە :

1- *دەستی ماندو لەسەر سکی تێرە .*
*پەندی کوردی*

2- *مەهناز لە وانەی یەکەمدا هەستیکرد ژیانی شتێکی گەروەی کەمبووە ، هەستیکرد تا ئێستا لەسەر ئەم ئەستێرە نەژیاوە ، ڕۆژەکانی بەتاڵی و خاڵی ڕۆیشتووە ، هەستیکرد تێنەگەیشتنی لە مەکتەب دەگەڕێتەوە بۆ تێنەگەیشتنی لە شتە سادە و ئاسانەکانی دونیا* (عەلی ، ل217 ) .

لەیەکەمدا تەنها ڕستەیەك کە پەندێکی کوردییە ، دەقێکی پێکهێناوە ، کەچی لە دوودا چەندین ڕستە ئینجا دەقێکیان پێکهێناوە ، پەیوەندی سیمانتیکی نێوان ڕستەکانی دەق ئاماژە بۆ پتەوەی و یەکگرتویی دەقەکە دەکەن ، واتە لە دوودا پەیوەندییە سیمانتیکییەکان پێویستن . بەم شێوەیە دەردەکەوێت ، کە مەرج نییە دەق هەمیشە لە زنجیرە ڕستەیەك پێکبێت . بەڵکو دەکرێت یەك ڕستە بێت وەك نمونەی (1) و دەشکرێت چەند ڕستەیەك بێت وەك نمونەی ( 2) .

دەق زنجیرە ڕۆنانێکی دەربڕینی زمانە و یەکەیەکی تەواو پێکدێنن ، ئاشکرایە یەکەی تەواو مەبەست لەڕستەیە ، بەڵام زنجیرە ڕۆنانەکان مەرج نییە ڕستەبن ، دەکرێت ، وشە و فرێزبن ، کە بەهەمویان دەقێك پێکدەهێنن ، دەکرێت دەقەکە تەنها ڕستەیەك بێت .( فەرهادی ، 2003 ،ل 117 ) . هالیدای سەبارەت بە دەق دەڵێت :((دەق یەکەیەکی سیمانتیکییە پەیوەندی بە واتاوە هەیە ، لەوانەیە دەق نووسراو بێت یان نەنووسراو ، پەخشان بێت یان شیعر ، گفتوگۆبێت یان مۆنۆلۆگ ، هەروەها ، ئاگاداری ، ناونیشان ، دروشم ، پەندی پێشینان ، قسەی نەستەق بە دەق دادەنرێن )) (کاکل ، 2002 ،ل35) . ئەم پێناسەیە ئاماژە بە فراوانی سنووری دەق دەکات بەڵام بە وردبوونەوە لە پێناسەکە دردەکەوێت ، هالیدای مەرجێکی بۆ بەدەقبوون داناوە ئەویش مەرجی واتایە(meaning) ، ئاشکرایشە کە واتا کاتێك پێکدێت ، پەیوەندی گراماتیکی و سیمانتیکی لە نێوان یەکە پێکهێنەرەکانی دروستە زمانییەکەداهەبێت ، گەرنا ئەوا یەکەی زمانی ناتەواو دروست دەبێت ، پەیوەست بە دەق ئەوا ناکرێت بە دەق دابنرێت . بۆنمونە :

3- *لەگەرمەی شەڕی ناوخۆدا عەتار یەکەمین خانووی گەورەی خۆی کڕی ، دەتوانم بڵێم ئەو لە پێشەنگی ئەو کەسانەدابوو ، کە بیریان لە کڕینی کۆشکی گەورە دەکردەوە .* (عەلی ، ل120 ) .

4- کتێبەکەم خوێندەوە ، ئارانم بینی دەچوو بۆبازاڕ ، ئاوی گەڕەکەکەمان بڕاوە ، دایکی هێرۆ بانگی منداڵەکان دەکات ، پیاوە بەتەمەنەکان لە بن دیواری مزگەوتەکەدا هەڵکورماون .

بەپێی مەرجی سیمانتیکی کە هالیدای بۆ بەدەقبوونی داناوە نمونەی(3) دەقەو نمونەی(4) نابێت بەدەق ، چونکە لە سێدا ڕستەکان پەیوەندی سیمانتیکی وابەستەیکردوون و لە چواردا هیچ جۆرە پەیوەندییەك لە نێوان ڕستەکانی دەربڕاوەکەدا نییە . دەق لەبەرئەوەی زیاتر یەکەیەکی سیمانتیکییە وەك ئەوەی ڕێزمانیی بێت بۆیە دیاریکردنی سنوور و قەبارەی دەق کارێکی ئاسان نابێت ، چونکە دەق دەکرێت تەنها وشەیەك یان فرێزێك یان پارچەنووسراوێکی دوورو درێژبێت ، بۆنموونە ڕۆمانی (بێنەوایان )دەقێکە ، هەروەها ( داخراوە ، بۆ فرۆشتن.....) ئەوانەش دەقن ( Halliday ,1976 p294, ) .

هەر چەندە بەشێکی زۆر لە زمانەوانان پێناسەکەی هالیداییان لا پەسەندە بۆ دەق ، کە دەق بەیەکەیەکی سیمانتیکی دادەنێت نەك ڕێزمانیی ، چونکە زیاتر پەیوەندی بە ناوەڕۆکەوە هەیە نەك فۆرم بەمەش دەق لە چەند ڕستەیەك پێکنایەت بەڵکو بەهۆی ڕستەوە دەناسرێتەوە ، واتە نابێ پێشبینی ڕۆنانێکی تەواو و گراماتیکێکی تەواو بکەین لە ناو دەقدا وەك ئەوەی لە ڕستەداهەیە (کاکل، ، 2002 ،ل 30 ) .

دەق کێشمەکێش و جیاوازی زۆری لە نێو زمانەوانانیدا دروستکردووە چ وەك چەمك و پێناسە چ وەك سنور و ستراکچەر ، هۆکاری ئەمەش بۆ تیۆریی و قوتابخانە و دیدوبۆچوونە جیاوازەکان دەگەڕێتەوە ، زۆرجاریش جیاوازییەکان گەیشتونەتە ئاستی بەریەککەوتن ، باشترین بەڵگەش ئەوەیە تا ئێستا پێناسەیەکی تەواو بۆ دەق نەکراوە بەشێوەیەك هەموو زمانەوانان لەسەری ڕێککەوتبن ، بەلای (کوێرك)ەوە دەق لە بەدوایەکداهاتنی چەند ڕستەیەك پێکدێت ، کە پەیوەندییە تێکستییەکان (Text Relationships)کۆیان دەکاتەوە ئەو پەیوەندییانەی لەسەرووی یاسا ڕێزمانییەکانەوەن . هەروەها هەندێجار بڕیاردان لەسەر دەق یان نادەقی وتراویك دەدرێتە پاڵ (گوێگرListener ، خوێنەرReder) واتە دەق لە ستراکچەری خۆیدا بڕیاری لەسەرنادرێت بەڵکو لە دەرەوەی دەقەکەدا بڕیاری دەق و نادەقی لەسەر دەدرێت ، ئەوە خوێنەر یان گوێگرە بەپێی پەیوەندیەکان بڕیاری شیاوی و نەشیاوی بەدەقبوون دەدات.(کەمال ، 2009 ،ل7 ) .

برند شبلنر ، دەق بە زنجیرەیەك ڕستەی بەدوایەکداهاتوو دادەنێت ، ڕستەش بەلایەوە یەکەیەکی بچوکی دەق پێکدەهێنێت ، دەکرێت لەڕێی هێماکانی خاڵبەندییەوە (punctuation) دەستنیشانبکرێن ، وەك نیشانەی پرسیار ، نیشانەی سەرسوڕمان ...( شبلنر،ص188 ) 0

ڕۆبێرت دی بوگراند ، چەند پێوەرێکی داناوە بۆ بەدەقبوونی گوتراوێك ، وەك :(بەستنەوە ، یەکگرتویی ، مەبەست و ئامانج ، پەسەندێتی ، هەواڵیی ، هەڵوێست و دەوروبەر ،دەق ئاوێزان) (بوگراند ،1998 ) . هەڵبەت بەلای هەندێکەوە تێکەڵییەك لەلایەن بوگراندەوە لە نێوان دەق و گوتارداکراوە چونکە بەشێك لەو پێوەرانە بۆ گوتار شیاون نەك دەق ، بۆنمونە دەوروبەر ، هەروەها بوگراند بوونی قسەکەر و گوێگر لە دەقدا بەپێویست دەزانێت ، ئەمەش بۆ گوتار راسترە تا دەق (محمد و مرعي ، 2016 ،ص1803 ) .

تسیسلاف زنیاك ، دەق تەنها بنیاتی ژێرەوە و ئەو بڕە زانیارییە نییە کە تێیدایە ، واتە تەنها گوتراو و وەرگیراو نییە ، بەڵکو سەرباری ئەوانە دەق بنیاتێکە دووبارە نابێتەوە ، ئامانجی هاوتاکردن و و گونجاندنە ، مەبەستیش لە هاوتا و گونجاندن لە دەقی ئەدەبی نووسراودا ، ڕەهەندە تایبەتە مێژوویی و کۆمەڵایەتییەکانی دەقە . ( الحمیري ، 2014 ،ص 111) .

لۆتمانی ڕووسی سێ بنەما لە پێکهاتەی دەقدا بەپێویست دەزانێت ، کەبریتین لە :

1- گوزارشت ، واتە لایەنی پێکهاتەی زمانیی .
2- سنوری دیاریکراو ، مەبەست لە واتای دەقە چونکە بەلایەوە دەق واتا و مەبەستێکی دیاریکراو دەگەیەنێت ، کە دابەشکردن قبوڵناکات .
3- تایبەتمەندی بنیاتی دەق ، بەلای لۆتمانەوە دەق تەنها چەند هێمایەکی بەدوایەکداهاتوو نییە ، بەڵکو دەق بنیاتێکی ڕێکخراوی هەیە و تەنانەت ڕێکخستنی بنیاتی ناوەوەی دەق پێویست و بناغەی پێکهاتەی دەقە . ( فضل ، 1992 ،ص216 ) .

ڕۆلان بارت بە پێی دید و بۆچوونە جیاوازەکانی ، هەر لە بۆچوونە کۆمەڵایەتییەکانییەوە تا بونیادیگەرییەکانی و دواجار تێڕوانیینە سیمۆلۆجییەکانی بۆ دەق پێناسەی جیاوازی بۆ تێکست کردوە . وەك: دەق یەکەیەکە زمان هەڵیگرتووە ؛ دەق پێکهاتەیەکە خاوەندارێتی بۆ خوێنەر دەگەڕێتەوە ، دواتر پەشیمان دەبێتەوە و خاوەندارێتی دەق بۆ نووسەرەکەی دەگێڕێتەوە تا دواجار دەگاتە ئەو بڕوایەی ؛ دەق خوێندنەوە و نووسین لێکنزیك دەکاتەوە ، بە شێوەیەك خوێنەر دەکات بەنووسەر ؛ لەکۆتایشیدا پێناسەیەکی کورتی دەق دەکات بەوەی پێکهاتەیەکە لە وشە و تەنێکی زمانیی و کۆمەڵەیەکی ئاوازدارە . لەڕووی سیمۆلۆجیاشەوە دەق بەوە دەناسێنێت ، کە چنراوێکە لە گفتوگۆ ، چنراوەکەشی بە داوی جاڵجڵۆکە چواندووە ، کە زۆر پتەوە و هەموو دەزووەکانی پەیوەستن بەیەکەوە ، بەهەمان شێوەش دەق کۆمەڵێك گفتۆگۆی پەیوەستن بەیەکەوە 0 بۆزیاتر بڕوانە (بارت ، 2007 ) . ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە ، پێناسەیەکی یەکگرتو و جێگیر و نەگۆڕ بۆ دق ئەستەمە . (عزام ، 2001 ،ص14) .

لە زمانەوانی عەرەبی کۆندا دەق بە گوتەیەکی بەسود دانراوە کە فۆرم و ناوەرۆکی هاوتان ، هەروەها وتراوە دەق جۆرەدەربڕینێکی تایبەتی گوتارە .( الحميري ، 2014،ص43). بەلای سەعید یەقتینەوە ، دەق یەکەیەکی سیمانتیکییە ، لەلایەن تاك یان کۆمەڵەوە پشتبەستوو بە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەوە بەرهەم دێت . مەحمود تەوفیق لە (دلالة الالفاظ)دا دەڵێت ((دەق ئەو واتایەیە ،کە بە ئاخاوتن بەرهەم دەهێنرێت و لێکدانەوە و هەڵوەشاندنەوەش(Disengagement) هەڵدەگرێت )) هەروەها جەخت دەکاتەوە لەوەی دەق دەکرێت لێکدانەوە هەڵبگرێت ، دەشکرێت هیچ جۆرە لێکدانەوەیەك هەڵنەگرێت ، بۆنموونە ڕیکلام و ئاگادارییەکان ...وەك ( بۆفرۆشتن ، داخراوە ...)دەقن . (توفيق ، 2009،ص367 ) .

سی . بي .شمیت لە کتێبی تیۆریی تێکسدا(Text Theory) دەڵێت : ((دەق هەموو یەکەیەکی زمانیی گۆکراوە لە کردەی پەیوەندیکردندا ، کە بابەتیانە ئاراستەکراوە ، واتە ئەرکی پەیوەندیکردن بەجێدەهێنێت ، بەمەش کردەی پەیوەندیکردن پێش دەق دەکەوێت ))( Schmid,1973,p 150 ) . بەلای (فان دایك)ەوە دەق فۆرمێکە خاوەنی بنیاتێکی سیمانتیکی قوڵە ، مەبەستیشی لە بنیاتی سیمانتیکی قوڵ ئەم لایەنانەیە :

1- وابەستەگی یەکە پێکهێنەرەکانی دەقە لەڕووی واتاوە .
2- توانای کورتکردنەوەی دەقەکە هەبێت بۆ : پوختەیەك ، ناونیشانێك ، پاراگرافێك ....تد .
3- بتوانرێت ئاماژە بە ناوەرۆك و پەیامی دەقەکە بکرێت ، تەنانەت بەبێبەکارهێنانی یەکە زمانییە فەرهەنگییەکانی دەقەکە .( الحميري ، 2014 ،ص109 )

ڕۆڵی خوینەریش لە فەراهەمبوون و دەق و نادەقدا بەلای گروپێکیترەوە بەهاو ماهییەتی خۆی هەبوە ، هەربۆیە (دیڤیدبلیچ ). وای بۆدەچێت ، دەق ئاوێنەیەکە خوێنەر خۆی تێدا دەبینێتەوە (عومەر، 2015 ،ل9) ، ئەم بۆچوونە ڕۆڵی خوێنەر لە دەقدا دەخاتەڕوو ، گەر لەسۆنگەی پێناسەکەی هالیدایەوە

بڕوانین ، کە دەق بەیەکەیەکی سیمانتیکی دادەنێت ، ئەوا بۆچوونەکەی بلیچ زۆر دروست مەبەست دەپێکێت چونکە ئەوە خوێنەرە واتا بە دەق دەبەخشێت ، لێکدانەوەی جیاواز بەپێی بارە سایکۆلۆجی و سۆسۆلۆجی و هزری و ئایدۆلۆجییە جیاوازەکان لای خوێنەر دسپلین دەبێت و هەر بەو پێیانەش دەق و نادەق لێکجیادەکرێنەوە ، لەمڕووەوە (رۆلان بارت) ڕۆڵی خوینەر لەدەقدا بەم شێوەیە دەخاتەڕوو،(( لەڕاڤەکردنی دەقدا چێژپێبەخشینم لە تاکبوونمدایە ، هەر بەوەش بە جیاوازییەکانم کە لە ئەوانیترم جیادەکاتەوە ڕووبەڕووی دەق دەبمەوە و بەناویدا ڕۆدەچم و بەدوای شوێنمدا لە دەقەکەدا دەگەڕێم ، ئەمە دۆخێکی سۆسۆلۆژیانە نییە بەڵکو دۆخێکی سایکۆلۆژیانەیە(psychology) و فۆڕم و ئەندێشەی دەق پێکەوە وابەستەدەکات)). (بارت ، 2007،ل85) . فارکلۆف هەمان بۆچوونی رۆلان بارتی هەیە ، بەوەی دەکرێت دەق کاریگەریی هەبێت لەسەر ڕەگەز و جومگەکانی ژیانی کۆمەڵ (فێربوون ، ئایدۆلۆژیا ، ئاین ، هەڵوێست و بیرو باوەڕ ...)یان بێئەوەی هۆکاری هەبێت وەك ئەوەی لە گوتاردا چەند کۆڵەکەیەك هەبن ، ببنە مایەی کاریگەری . بۆنمونە لێکدانەوەی جیاواز بۆ دەقەکە بێگومان کاریگەری جیاوازی دەبێت . (فارکلوف ،2009،ص33) .

دەق چنراوێکی زمانییە قسەکەر دەیگەیەنێت ، یەکە زمانییە پێکهێنەرەکانی ئەو چنراوە پەویەندییەك وابەستەیکردوون بۆ گوزارشتکردن لەو دۆخەی تێیدا بەکاردەهێنرێت گونجاوبێت ، ئەمەش ئاماژەیە بۆ واتای دەقەکە ، کە دەکەوێتە ژێر هەژموونی بارودۆخی بەکارهێنەر و دەوروبەری(context ) بەکارهێنانەکەوە(عزیز ، 2011 ،ص11 ) . هەڵبەت ئەم پێناسەیە بۆ گوتار گونجاوترە تا دەق ، چونکە دەق مەرج نییە قسەکەربیگەیەنێت بەڵکو زیاتر دەنوسرێتەوە ، هەروەها دەوروبەر ڕەگەزێکی گوتارە نەك دەق ، گوتار پێویستی بەدەوروبەرە و دەشکەوێتە ژێر هەژموونی دەوروبەرەوە .

دەق یەکەیەکە لەسەر بنەمای پەیوەندیکردن لێی تێدەگەین ، دەکرێت دەق لە یەك ڕستە پێکبێت ، دەشکرێت لە چەند ڕستەیەکی بەدوایەکی پەیوەست پێکبێت (برینکر، 2004 ،ص 29 ) . بەبۆچوونی ا.ا.لیونتیف ئەو چالاکییە زمانییەی پێی دەوترێت دەق دەبێت خاوەنی دوو تایبەتمەندی بێت :

ا- ڕەوایەتی (شەرعییەت)(Legitimacy) و پەیوەندی کۆمەڵایەتی

ب- ئەرکی پەیوەندیکردن و بەردەوامێتی پەیوەندیکردن .

بەو پێودەنگە بناغەی یەکێتی دەق لەڕێی پەیوەندییەکانی کردارەوە نییە بەڵکو بەپێی چەند کردەیەکی دیاریکراو دەبێت . (البحيري ، 2010 ،ص20) پێویستە ئاماژە بۆئەوە بکەین ، مەبەست لە پەیوەندیکردن ، مەرج نییە بوونی قسەکەر و گوێگربێت و ڕۆڵگۆڕینەوە لە پەیوەندیکردنەکەدا ڕوودبات ، وەك ئەوەی لە گوتاردا ئەنجام دەدرێت ، چونکە زۆرجار دەق ئاراستەی (خوێنەر ، گوێگر) دەکرێت ، بێئەوەی چاوەڕێی وەڵامدانەوەبکرێت ، بۆنمونە :

*ئەی فریشتەی شیعری جوان*

*کۆستی کەوتووی هەردوکمان*

*بۆئەمجارە بێکەسە*

*کە وتت بێکەس بەسە* *گۆران* ل83

شاعیر لە دەقێکی ئەدەبی لاواندنەوەدا فریشتەی شیعر دەدوێنێت ، بەخەیاڵ و ئەندێشە پەیوەندی پێوەدەکات ، هیچ چاوەڕێی وەڵامدانەوەش نییە لەلایەن قسەبۆکراو ،گوێگر یان خوێنەرەوە .

## 2- چەمکی گوتار Discourse:

گوتار بابەتێکی کۆنە بەڵام دەرکەوتنی بەپێی سەردەمەکان جیاوازە و تایبەتمەندی قۆناغەکانی پێوەدیارە ، لەسەردەمی ئەفلاتووندا بۆچونەکان بەئاراستەی هاوتاکردنی گوتار و ئاوەزبوون ، ئەفلاتوون هەوڵی عەقڵگەرایکردنی گوتاریداوە بەپێی سیستمێك ، کە لە خودی گوتارەوە سەرچاوەدەگرێت .

ڕەخنەگرە نوێیەکان لەوانە پاول بۆڤی گوتاریان بە بیرۆکەی بنەڕەتی لە ڕەخنەی ئەدەبی نوێدا دانا ، ئەوان گوتاری گێرانەوەییان( Narrative discourse) بەرانبەر بە گوتاری شیعری سەیردەکرد ، ئەمەش سەرەتایەکی نوێ و جیاوازبوو بۆ چەمکی گوتار (ماکدونیل ، 2001 ،ص27) . لەزانستی نوێی زماندا گروپێك لە زمانەوانان سەرهەڵدانی ئەمر زانستە بۆ سۆسێر دەگێرنەوە ، کاتێك باس لە ئاخاوتن دەکات و گوتار بە هاوواتای ئاخاوتن دادەنێت .( الحميري ، 2014 ،ص 92) بەلای سۆسێرەوە گوتار شێوازی گفتوگۆکان(conversation) دەگۆڕێت ، بەو شێوەیە ئاخاوتن دەبێتە جۆرێك لە گوتار و سەرەتاو کۆتایی دەبێت ، ئەوەش کردەی بەکارهێنانی زمانە .( سۆسیر ، 1988،ص175) . بەڵام لە زمانەوانیدا سەرەتاو دەسپێکی بەکارهێنان و توێژینەوە لە گوتار وەك یەکەیەکی زمانیی پێکهاتوو لە زنجیرەیەك ڕستە و ڕووداوی بەدوایەکداهاتوو بۆ زمانەوانی ئەمریکایی (هاریس ) دەگەڕێتەوە (قادر ، 2009 ،ل22 ) .

سەبارەت بە چەمکی گوتار زۆروتراوە ، ئەمەش لە بەکارهێنانی ئەو زاراوەوە لەزانستەکانی زمان و فەلسەفە ، کۆمەڵناسی ..تد ەوە سەرچاوەی گرتووە ، هەروەها خودی زمانەوانی لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمەوە بایەخی زۆری داوە بە ستراکتورە زمانییەکانی سەرووی ڕستە وەك دەق و گوتار (کەمال ، 2009 ،ل7 ) . وەك زاراوەش (Discourse ) لە (Discoursus ) لاتینییەوە وەرگیراوە کە یەکێك لە واتاکانی گفتوگۆ و دیالۆگە (محمد و مرعي،2016 ،ص1805 ) .

لە دیارترین پێناسەکانی گوتار :

- بریتییە لە بەکارهێنانی زمان لە نووسین و ئاخاوتندا بە مەبەستی بەدەستهێنان و فەراهەمکردنی واتای پراگماتیکی . (Widdowson ,2011,p138 ) .
- بنڤیست ( هەمو دەربڕینێك کە قسەکەر و گوێگری تێدابێت و قسەکەر بییەوێت کاریگەری لەسەر گوێگر هەبێت بە گوتار دادەنرێت) .
- باختین گوتار بە ڕووداوێکی کۆمەڵایەتی دادەنێت نەك تاکەکەسی ، بەلای ئەو زانایەوە دەربڕراوەکان(ejected) هەرچەندە بەرهەمهێنراوی تاکن بەڵام لە ڕاستیدا و بەگشتی بەرهەمهێنراوی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە تێکچڕژاوەکانن . (الحميري ، 2014 ،ص 99 ).
- تۆدرۆف ( هەر دەربڕراوێك یان کردەیەکی ئاخاوتەیی قسەکەر و گوێگرێکی تێدا بێت ، قسەکەر بییەوێت کاریگەری لەسەر گوێگر هەبێت گوتارە ) . ( الباردي ،ص 2004) .
- جینیت گوتار بە ئامرازێکی زمانیی دەزانێت ، ڕووداوی دروست و خەیاڵی پێدەگێڕێتەوە (جينيت ،2003 : 39 ) .
- ئەو جۆرەی زمان کە بەمەبەستی پەیوەندیکردن بەکاردەهێنرێت ، پێی دەوترێت گوتار ( Nastaran - ali,1999,p 59 )

جوناثان کولر ، بەخستنەڕووی بۆچوونی زمانەوانانی ئەوروپایی و ئەمریکایی وەك ( شکلۆفسکی ، هنری جیمس ، سیمور جاتمان ، ڕۆلان بارت ، توماس بافل ، وولف شمیت ، ڤان دایك .... ) سەبارەت بە زانستی گێڕانەوە (السرد Narration) لە چیرۆك( story) و گوتاردا دەست پێدەکات ، هەرچەندە بۆچوونی ئەو زمانەوانانە سەبارەت بە گێڕانەوە لە چیرۆك و گوتاردا جیاوازە بەڵام خاڵێکی گرنگ کۆیان دەکاتەوە ، ئەویش ئەوەیە ، گێڕانەوە لە چیرۆکدا جیاوازە وەك گێڕانەوە لە گوتاردا ،لە چیرۆکدا کۆمەڵێك ڕووداو وکردە هەن بەڵام لە گوتاردا گێڕانەوەی کۆمەڵێك ڕووداو و کردە هەن . هەر بۆیە دەڵێت ((گوتار گێڕانەوەی ڕووداوەکانە )) (ثامر ،2012 ،ص28) .

فۆکۆ چەندین بۆچوونی جیاوازی لەسەر گوتارهەیە ، لەوانە : (دەکرێت مەیدانی گشتی وتنەکان بێت ، یان کۆمەڵێك وتراوی جیاواز بێت ، هەروەها دەبێت بەکارهێنانی زمان بێت بە پێی یاساو دەستوری تایبەت بەخۆی ) . دیسان دەڵێت (( کۆمەڵێك دەربڕین بەشێك لە ستراکچەری گوتار پێکدەهێنن ، گوتار وێنە و بابەتی ڕەوانبێژی نیيە کە دەکرێت بەدرێژایی مێژوو دوبارە بکرێنەوە و بەکاربهێنرێنەوە ، بەڵکو ژمارەیەکی دیاریکراوە لە دەربڕراوەکان کە خودی گوتارەکە توانای دانانی مەرجەکانی بوونی ئەو دەربڕراوانەی هەیە )) (بغوره ، 2000،ص95) مەبەستی فۆکۆ لە دەربڕراو کرۆك و نەواتی گوتارە ، واتە بناغەی گوتار کە هەرگیز ناتوانرێت دەستکاری بکرێت . هەروەها دەڵێت:(گوتار ئەو دەق و وتانە دەگرێتەوە ،کە پێکهاتە ڕێکخراوەکەی کۆی وشەو سیستمی ڕێکخستن و بنیاتی لۆجیکیین . فۆکۆ لە بۆچوونەکانی سەبارەت بە گوتار بەردەوام دەبێت تا دواتر ئەو بۆچوونانە بون بە سەرچاوەی چەند تیۆریەکی تایبەت بە گوتار ، لەم ڕووەوە فۆکۆ دەڵێت (( وا هەست دەکەم کە واتا و دەلالاتی نوێم بە (گوتار) بەخشیوە ، هەندێکجار بە بوارێکم داناوە بۆ هەموو کرداره هەواڵییەکان ، جاروباریش کردە هەواڵییەکانی تاکی گرتووەتەوە ، ناوەناوەش بەکارهێنانێکە ڕێك لە کرداره هەواڵییەکان )) ( فارکلۆف ، 2009 ،ص234 ) .

ویدۆسۆن ، ئامانج لەئاخاوتن لای قسەکەر گەیاندنی پەیامێك و وەرگتنی وەڵامێکە لە گوێگرەوە ، ئیتر لەشێوەی بیرۆکەیەك(idea) یان ڕوونکردنەوەیەك ، یان هەر دەربڕینێکی تردا بێت ، واتە وا لەگوێگر بکات بیر لە شتێك بکاتەوە ، ئەم ئاڵوگۆڕکردنەی بیروڕا لە نێوان قسەکەروگوێگردا پێیدەوترێت گوتار ( Widdowson,2011,p7) .

کوك( Cook سەبارەت بە گوتار دەڵێت(( کەرەستەیکی زمانییە ، لە کۆمەڵێك ڕستەی زنجیرەیی هاوپەیوەند پێکدێت ، لەکردەی گەیاندن و پەیوەندیکردندا بەکاردێت )) . ڕۆی(Roy) دەڵێت : ((گوتار ، ڕوانگەیەکی زمانەوانییە ، بۆ کارەکیکردنی پرۆسەیەك لەپێناو گەیشتن بەئامانجێك.)). وەرگیراوە لە (قادر ،2009 ،ل32 ) .

ئامانجی گوتار ڕوونکردنەوەی مەبەست و ناوەرۆکی گوزارشتە زمانییەکانە ، کردنەوەی کۆدی دەق و دەربڕراوەکانە لەڕێی گەیشتن بە ئەو زانیارییانەی لەو دەق و دەربڕراوانەداهەن . گوتار زیاتر بە بەکارهێنانی زمانەوە دەبەسترێتەوە ، لە کایەیدا بەهای دەربڕراوەکان دەردەکەوێت ، کە ئاراستەی ئەوانیتر دەکرێن ، بەمەش گوتار تەنها بنیاتی زمان نابێت بەڵکو ئاراستەکردنی ئەو بنیات و پێکهاتەیە بەمەبەستی گەیاندنی ئەو ئامانجەی پێشتر مەبەستبووە بگەیەنرێت .(کەمال ، 2009 ،ل 9) .

گوتار بابەتێکی زمانییە ، بەڵام لە جەوهەردا دەیان بابەتی تر لە کایەیدا کۆدەبنەوە ، چونکە جۆرەکانی گوتار بە بەردەوامی لەهەڵکشاندان ئەمەش ڕۆڵی گوتار لە ڕاییکردنی پێویستییەکانی پەیوەندیکردن لەژیانی کۆمەڵدا دەخاتەروو ،(الحمیري ، 2014،ص93 ) ئەگەر پێشتر چەند ئەرکێکی(Function) گوتار

وەك ( ئاینی ، گەیاندن ، ڕامیاری ) بوون ، ئەوا لەئەمڕۆدا پەیکاڵ لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی ژیانی کۆمەڵی مرۆڤایەتیدا جۆرەکانی گوتار زیاتر دەبێت و سەرجەم جومگەکانی ژیانی کۆمەڵی تەنیوە . وەك گوتاری زانستیی ، مێژویی ، ئایدۆلۆژیی ، نەتەوەیی ..تد)( مکدونیل،2001،ص 122 ) .

گوتار وەك دەقێك ڕەگەزگەلێکی هەیە ، کە بەشداردەبن لە ڕووداوە کۆمەڵایەتییەکاندا ، بەڵکو گۆڕانکاریش لە کۆمەڵدا دەکەن ، بۆنمونە بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری و ڕۆشنبیری کۆمەڵ ، کاریگەری لەسەر هەڵوێست ، لەسەر بیروباوەڕ ، بەهاکان(Voule) ..تد ئەمانەش ڕەگەزەکانی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی پێکدێنن . واتە دەکرێت گوتار هۆکارگەلێکی هەبێت کاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەر سەرجەم جومگەکان و سیما پێکهێنەرەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی هەبێت و گۆڕانکاریان تێدا بکات . پێویستە ئاماژە بۆ ئەوەش بکەین کە مەبەست لە هۆکارگەلێك ئەوا چەند هۆکارێکی دیاریکراو و ڕێك نین ڕاستەوخۆ کاریگەرییان لەسەر سەرجەم جومگەکان هەبێت ، چونکە جۆرێکی ڕێك لە هۆکار نییە ، ببێتە مایەی ئەنجامێکی دیاریکراو لە گوتارێکی دیاریکراودا ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت ، هیچ ئەنجامێك نییە هۆکاری نەبێت بەڵکو دەکرێت ئەنجام هەبێت ، هۆکاریشی هەبێت بەڵام مەرج نییە ڕێك سیستماتێك بن ، هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ، کە ئەنجامەکانی کاریگەری دەق و گوتار دەکرێت وابەستەی دەوروبەر و لێکدانەوەی جیاوازی شیکارکارەکان(Analysts) بن . ( فارکلۆف ،2009 ،ص 34 ) .

بیشۆ لە بۆچوونەکانیدا کە دواتر بووە بناغەی تیۆرییەکی تایبەت بە گوتار جەخت لەسەر چەند خاڵێك دەکاتەوە . وەك :

1- چۆن دەربڕراوەکان دەتوانن بەپێی گوتارەکان واتای جیاواز بگەیەنن ، بەهەمان شێوەش دەکرێت وشە و دەربڕراوی جیاواز لە یەك گوتاردا هەمان واتا و مەبەست بگەیەنن ، هۆکاری ئەمەش بەپێی بۆچونی بیشۆ بۆئەوە دەگەڕیتەوە ، کە وشە و دەربڕراوەکان واتاکانیان لە ململانێی گوتارەکانەوە وەردەگرن ، ئەو ململانێیەی لە ئایدۆلۆژییە جیاوازەکانەوە سەرچاوە دەگرێت .(مکدونیل ، 2001 ،ص 27 )
2- ئاخێوەر ، نووسەر ، دانەر ، خوێنەر ، تەنانەت بابەتی گوتار هیچیان واتای گوتنەکان ناگۆڕن ، ئەوەی کاریگەری لەسەر واتای وشەو دەربڕراوەکان هەیە ئەوە ململانێی گوتارەکانە کە بەدرێژایی مێژوو بوونیان هەیە و لە ململانێی چینەکانی کۆمەڵگاوە سەرچاوەدەگرن . ( الحميري ، 2014 ،ص98 ) .

گوتار بەکارهێنانی زمانە بەمەبەستی ڕوونکردنەوە و کارتێکردن ، ئەم کردەیە لە بازنەی ئاخاوتندا ڕوودەدات ، لەم ڕووەوە دەکرێت توخمەکانی ئاخاوتن توخمەکانی گوتار پێکبهێنن ، کە ڕۆمان جاکۆبسون (R. Jacobson ) لەچوارچێوەی تیۆریی پەیوەندیکردندا ( communication ) خستوونییەتەڕوو ، ئامانجی جاکۆبسونیش لەتیۆرییەکە گەیشتنبوو بە تایبەتمەندییەکانی هەر سیستمێك لە سیستمەکانی پەیوەندیکردن و ئەو هێمایانەی بۆ ئەنجامدانی کردەی پەیوەندیکردن لە نێوان دووکەس یان دوگیانلەبەر یان دووگروپ و کۆمەڵدا بەکاردەهینرێن (خليل ،2010 ،ص28 ) .

بەگشتیش توخمەکانی گوتار بەپێی بۆچوونی جاکۆبسون بریتین لە : (نێرەر (قسەکەر) ، وەرگر(گوێگر) ،پەیام ، دەوروبەر ، کۆد ، کەناڵ).

نێرەر قسەکەر : sender- speaker

جەمسەر و توخمی سەرەکی لە گوتاردا قسەکەرە ، دەروازەی دەستپێکردن و کات و کۆدی تایبەتی گوتار لە دەسەڵاتی قسەکەردایە تەنانەت ناوەرۆك و مەبەستی گوتار بەپێی ستارتیژ و ئایدۆلۆژی و بیروبۆچوونی قسەکەر دادەڕێژرێت ، بۆیە بەبێقسەکەر گوتار نایەتەبوون .(کەمال ، 2009 ،ل12 ) .

وەرگر : hearer- receiver

جەمسەری دووەم و کۆڵەکەیەکی تری گوتار لە بازنەی ئاخاوتندا (وەرگر)ە ، وەرگر ئەو کەسەیە گوتاری ئاراستەدەکرێت ، چ بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بێت یان ناراستەوخۆ ، وەرگر دەکرێت تاك بێت یان کۆ ، کاریگەری گوتار لەسەر کۆمەڵ لەڕێی وەرگرەوە بەرجەستەدەبێت بەمەش وەرگر سەرباری بەشداریکردنی لە گوتاردا (چونکە ڕۆڵی نێرەرە و وەرگر بەپێی پێویست و ناوەرۆك و شێوازی فەرمی و نافەرمی گوتارەکە ئاڵوگۆڕدەکرێت) ، لەهەمانکاتدا دەبێتە پێوەرێك بۆ زانینی ئاستی کاریگەری گوتارەکە (محەمەد : 2012 ،ل59 ) .

پەیام : message

بابەتی گوتارەکەیە ، زمانەوانان بە چەقی گوتاری دادەنێن ، نێرەر بەپلەی یەکەم گرنگی بە پەیام دەدات ، چونکە ئامانجی سەرەکی گوتارەکەیە ، هەربۆیە نێرەر لەبەکارهێنانی زماندا بۆ گەیاندنی پەیامەکەی سەرباری ئەرکە سەرەکییەکەی زمان کە گەیاندنە ، ئەرکێکیتریشی پێبەجێدەگەیەنێت ، ئەویش ئێستاتیکای گوتنە ، کە سەرنجی وەرگر بۆلای گوتارەکەی پێڕادەکێشێت ، ئەمەش جاکۆبسون بە سەروی زمانی دادەنیت ( meta language)، چونکە بەرهەمهینانی زمانە لە زماندا . (خليل ، 2010،ص34 ) .

دەوروبەر : context

ئەو دۆخەیە کە نێرەر گوتاری تیدا دەستپێدەکات ، دەوروبەر ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە شیکردنەوەی گوتاردا و کاریگەری چالاك لەسەر واتای دەربڕینەکان بەجێدەهێڵێت . دەوروبەر هۆکارێکی گرنگی بەکارهێنانی زمانە (James ,2010,p100) . دەروبەر چەندین جۆری هەیە . بۆزیاتر بڕوانە ( کەمال ، 2009 ،ل 14- 16 ) لەوانە :

1- دەوروبەری کلتوری
2- دەوروبەری دەروونی
3- دەروبەری کردەیی

زمانەوانی کۆنی عەرەبی گوتار بەو ئاخاوتنە دەناسێنێت ، کە ئاراستەی کەسانێك دەکرێت ، ئەو کەسانە ئامادەن بۆ تێگەیشتن ، بەپێی ئەو پێناسەیە دەبینین ، ڕەگەزەکانی تیۆریی پەیوەندیکردن پێویست دەبن بۆئەوەی ئاراستەکردنی گوتار ڕووبدات ، چونکە پێویستە ئاراستەکار هەبێت ، کە بەپێی تیۆریی پەیوەندیکردن نێرەرە ، ئاراستەبۆکراو گوێگرە و بابەتی گفتوگۆ و کەناڵ و دەوروبەر هەموو پێویستن بۆئەوەی گوتار بەجێبگەیەنرێت ( الحميري ، 2014 ،ص29 ) .

**1-2- جۆرەکانی گوتار :**

گوتار چەند جۆرێکی هەیە ، جۆرەکانی گوتار وابەستەن بە بابەتەکانی ئاخاوتنەوە ، لەوسۆنگەوەی گوتار جۆرێکە لەبەکارهێنانی زمان و بەپێی بۆچوونی بیشۆ زیاتر وابەستەیە بە ئایدۆلۆژییەتەوە (مکدونيل ،2001 ،ص121 ) بەڵام ئەمەش ڕێگر نابێت لە بوونی گوتار لەدەرەوەی بازنەی ئایدۆلۆژییەتەوە ،

هەرچەندە بیشۆ پێیوایە تەنانەت گوتاری زانستیش بەجۆرێك لە جۆرەکان وابەستەگی ئایدۆلۆژییەت دەبێت . تەریب لەگەڵ زۆربوونی جۆرو بابەتەکانی ئاخاوتن و بەکارهێنانی زمان جۆرەکانی گوتاریش زۆردەبن ، بەگشتیش جۆرەکانی گوتار بریتین لە :

**2-1-1-** گوتاری زانستیی : گوتاری زانستیی لای بیشۆ زانستی سروشتی و مێژووییە ، بیشۆ بەپێویستی دەزانێت کە گوتاری زانستیی ئاماژە بە زانستێکی پەتی سەربەخۆ بکات کە بوونی مادی هەبێت ، چونکە هەموو زانستێك لەڕێی گوتارەکەی و مومارەسەکردنی لە هەڵوێستێکی مادیدا دەردەکەوێت ، هەروەها ئەو زانستە دەکرێت ببەسترێتەوە بە ململانێی ئایدۆلۆجی و سیاسی و فەلسەفییەوە (سەرچاوەی پێشو،ص 122) .

**2-1-2-** گوتاری ئاینیی : ئەم جۆرە گوتارانە لە کتێبە پیرۆزەکانەوە سەرچاوەدەگرن ، وەکو خۆی و بەبێدەستکاری دەگەیەنرێن . بەڵام هەندێك جار لەئەنجامی لێکدانەوە جیاوازەکانەوە بەشێوەی زانیاری جیاواز دەگەیەنرێت بە وەرگر .

**2-1-3-** گوتاری گەیەنەر : ئەو جۆرە گوتارەیە کە لە قسەکەرەوە ئاراستەی گوێگر دەکرێت ، ئامانجی گەیاندنی بیرۆکەیەکە لە نێرەرەوە بۆ وەرگر ، گوتاری گەیەنەر جۆری زۆرە لەوانە ( گوتاری سیاسی ، گوتاری ڕێنوێنی ، گوتاری هۆشیارکەرەوەیی ، گوتاری میدیایی ، گوتاری فەرمی دامودەزگا فەرمییەکانی دەوڵەت ، گوتاری دەروونی . لە تایبەتمەندییەکانی ئەم گوتارانە ئەوەیە ، زۆرجار پارا زمانی لەگەڵدا بەکاردیت وەك جوڵەی دەست و سەرو .... هەروەها ڕیکلام و بەرنامەی تەلەفزیۆنی ...تد بەپێی جۆری گوتارەکە .

**2-1-4-** گوتاری داهێنەرانە : ئەم جۆرە گوتارە بەپێی بۆچوونی جاکۆبسون شەش ڕەگەزی هەیە ، ئەو ڕەگەزانە سەرجەم ئەرکەکانی زمان لەخۆدەگرن(محەمەد  : 2013 :99 ) کە بریتین:

1- ئەرکە کۆمەڵایەتییەکان
2- ئەرکە دەروونییەکان
3- ئەرکەکانی گەیاندنی بیر
4- ئەرکەکانی هەڵسەنگاندن

**2-1-5-** گوتاری نەتەوەیی : ئەم جۆرە گوتارە زیاتر جەخت لەسەر بابەتە نەتەوەییەکان دەکات  و زۆرجاریش دەچێتە خانە و جۆری گوتاری سیاسییەوە .

بەپێی بۆچونی هیرمان گوتار خاوەنی چەند تایبەتمەندییەکە . وەك :

1- تایبەتمەندی مێژوویی ، سەرچاوەی ئەم خەسڵەتەی گوتار پابەندبوونی  قسەکەرە بە  کات و شوینی دیاریکراوە و دەکەوێتە ژێر هەژموونی بارە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانەوە ، ئەم خاڵەش فۆکۆ زۆر جەختی لەسەردەکاتەوە .
2- تایبەتمەندی دروستیی ، لە گوتاردا مەرج نییە دروستی گوتنەکان لە یاسا سینتاکسییەکانەوە سەرچاوەبگرن ، بەڵکو گوتار پێویستی بەستراتیجێکە لە کردەی گەیاندندا قبوڵکراوبێت ، هەروەها دروستیی گوتار وابەستەیە بە ئەو دەوروبەرە(دەروونی ، کۆمەڵایەتی ، کات و شوێن ..)انەی  گوتارەکەی تێدابەرهەمدەهێنرێت .

3- هەرچەندە پەیوەندی پتەو لەنێوان گوتار و دەوروبەردا هەیە و گوتار مەحکومی دەوروبەرە ،بەڵام پێویستە ئاماژە بۆئەوەش بکرێت ، کە گوتاریش توانای فەراهەمکردنی دەوروبەری هەیە ، ئەمەش زیاتر لە کاریگەرییەکانی گوتارەوە سەرچاوەدەگرێت بۆنمونە دەکرێت ، گوتارێکی سیاسی دەوروبەرێکی تایبەت و گوتارێکی کۆمەڵایەتی دەوروبەرێکی کۆمەڵایەتی .... تد بخوڵقێنن . بۆزیاتر بڕوانە .(الحميري ، 2014 ،ص129 ) .

## 3-جیاوازی نێوان دەق و گوتار:

بۆچوونەجیاوازەکان سەبارەت بە دەق و گوتار زۆرن ، زمانەوانان تایبەت بەو دووچەمکە خاڵی هاوبەش و جیاوازیشیان لەنێواندا هەیە ، بەلای هەندێکەوە دەق و گوتار هەمان شتن ، وەك بول ڕیکور Paul Ricœur وای بۆدەچێت ، دەق گوتارێکی نووسراوە ، وەك دەڵیت : (( با وشەی دەق بەو گوتارانە بڵێین کە نووسراونەتەوە ))(فضل ،1992 ،ص219 ) . پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە ئەو گوتارانەی نانوسرێنەوە چین ؟ بێگومان بەوپێودەنگە بێت نابن بە دەق ، ئەمەش بۆخۆی بەڵگەی جیاوازی ئەو دوو چەمکەیە ، بەلای جفری هارتمان( G. Hartman ) ەوە دەق هەر پارەگرافێکە ، واتا و ئەرکی هەبێت چونکە ئەو پارەگرافە ئاخاوتنێکی بەبەرهەمە(البحيري،ص102 ) بەمەش هارتمان هەردوو ڕەهەندی ئاخاوتن و بەکارهێنانی زمان وەك بنەمای دەق سەیردەکات ، ئاشکرایشە ، ئەو دوو ڕەهەندە دوو کۆڵەکەی پێکهاتەی گوتارن .

لەبەرانبەریشداگروپێکیتری زمانەوانان دەق و گوتار بەدوو پێکهاتەی جیاواز دادەنێن ، بەوەی گوتار وابەستەیە بە ئاخاوتن و بەکارهێنانی زمانەوە واتە پەیوەستە بە دەوروبەرەوە بەڵام دەق پەیوەستە بە بەکارهێنانی زمان بەبێدەوروبەر ، بەڵکو پێویستی بە بوونی ڕێکخستنە زیاتر لە دەوروبەر . بۆزیاتر بروانە (الحميرى ,2014 ) . ئەم توێژینەوەیە بەپێویستی دەزانێت لەچەند ڕوویەکەوە جیاوازی لەنێوان هەردوو چەمکی دەق و گوتاردا بکات . وەك: پێکهاتە و ئەرك و واتا.

### 3-1- لەڕووی پێکهاتەوە structure :

1- دەق و گوتار دوو دروستەی زمانین ، زمان لە بنیاتی ئەو دوو چەمکەدا ڕەگەزێکی سەرەکی و جەوهەرییە ، بەڵام زمانی دەق زیاتر زمانێکی ئەدەبی چەسپیوە ، پێکهاتەی دەق بەپێی یاساکانی ڕۆنانی یەکەپێکهێنەرەکانی دەقەکە لەقاڵبدراوە . هەرچەندە لەبەرئەوەی دەق یەکەیەکی سیمانتیکییە(Halliday ,1974 ,p294 ) بەپێی هەندێك بۆچوون نابێت پێشبینی ڕۆنانی تەواو لە دەقدا بکەین بەهەمانشێوەی ڕۆنانی ڕستە ( کاکل ، 2002،ل30 ) بەڵام پێویستە ئاماژە بۆ ئەوەش بکرێت ، جگە لەو دەقانەی لەیەك وشە یان فرێزێکی بەند پێکدێن و یەکەیەکی سیمانتیکی پێکدێنن ڕێزمان زۆر گرنگ نییە تێیاندا و ئەوانەش ژمارەیەکی کەمن ، ئەگینا دەق لە ڕستەیەك یان چەند ڕستەیەك پێکدێت هەرگرفتێکی زمانیی لە ڕۆنانی ڕستەکانی دەقدا کاریگەری لەسەر ئەرك و سیمانتیکی دەقەکە دەبێت . بۆنموونە با لەم دەقەی لەتیف هەڵمەت وردبینەوە :

ئەوەی بەزۆر دەری نەکەن

لەشاری خۆی

ئەوەی بەزۆردەری نەکەن
لەباوەشی دڵداری خۆی
ئەوەی بەزۆرنەیتەرێنن
لەگوڵزارو ڕووباری خۆی
نازانێ مەلی لوتکەی بەرز
بۆچی بێزارە لەقەفەز

هەڵمەت ، 2013، ل 18

هەر لادانێکی زمانیی هەرگۆڕانکارییەك لەپێکهاتەی زمانیی ڕستەکانی ئەو دەقەی لەتیف هەڵمەت کاریگەری ڕاستەوخۆ لەسەر سیمانتیکی دەقەکە دروست دەکات . کەچی لە گوتاردا ئەو پابەندبوونە زمانییە نییە چونکە زمانی ئاخاوتنە و لەدۆخی بەکارهێناندایە لەنێوان دووکەس یان زیاتر لە کۆمەڵدا ، زۆرجار لادان لەبابەتی ئاخاوتن و خۆدزینەوە و وەڵام نەدانەوە لە سیمادیارەکانی گوتارن ، هەر بۆیە گرایس (Grice )بە ئامانجی هاریکاری و دروست بەکارهێنانی زمان چوار بنەما بۆ ئاخاوتن دادەنێت ، کە بە بنەماکانی هاریکاری ناسراون و بریتین لە : ( چۆنییەتی quality )و( چەندایەتی Quality) پەیوەندی Relation) و ( شێواز Manner)(محەمەد ، 2010،ل185 ) .

-2 لە بنیاتی دەقدا چەند پێوەندییەك هەن ، وەك ( بریتیخستن ، کرتاندن ، بەستن ، لکاندن ..... بۆزیاتر بڕوانە ( کاکل ، 2002 ) . ڕۆڵی ئەو پەیوەندییانە لە بەدەقبووندا سەرەکی و جەوهەرین و بناغەی سیمانتیکی دەقن ، لە گوتاردا ئەگەر چی هەمان پێکهاتی زمان و بەشێکیش لەپەیوەندییەکانی دەق هەبن بەڵام ئەوەی ڕێزمانی گوتار لە ڕێزمانی دەق جیادەکاتەوە وابەستەگیبوونی گوتارە بە دەوروبەرەوە ، واتە لە گوتاردا پێویستی بە توانستی پراگماتیکی هەیە تا بەتەواوەتی پەیامەکەی بگات ، (( واتە ئاخێوەر توانای ئەوەی هەبێت یەکە زمانییەکان بەدەوروبەرەوە ببەستێتەوە و شیان بکاتەوە و لێیان تێبگات ، یان بەشێوەیەکی گشتی وتار یەکبخات)) . ( قادر ، 2009 ،ل24) .

-3 لە ستراکچەری دەقدا هەردوو جۆری پێوەندی ئاسۆیی و ستونی بوونیان هەیە ، دیارە پەیوەندی ئاسۆیش پێوەندی پێکەوە هاتنی یەکە زمانییەکانە لە قاڵبی ڕستەدا ، پەیوەندی ستوونیش لەسەر بنەمای توانای جێبەکگرتنەوەی کەرەستەکانی ناو ڕستە لەگەڵ کەرەستەیەکی دەرەوەی ڕستەکە بنیات دەنرێت (محەمەد ، 2013 ،ل 48-53) و پێوەندی واتایی پێکەوەیان دەبەستێت ، ئەم پێوەندیانە ئۆرگانین و دەق وەك یەکەیەکی سیمانتیکی دەخەنەڕوو ، بەمەش دەق لەڕستە گەورەترە ، گوتاریش دیسانەوە لەڕستەگەورەترە بەڵام وابەستەی دەوروبەرە نەك پێوەندییەکان چونکە گوتار (( بەکارهێنانی زمانە لەدەوروبەردا لەلایەن خەڵکەوە )) (کەمال ، 2009 ،ل 8 ) .

-4 لەڕووی تیۆرییەوە هەردوو چەمکی دەق و گوتار جیاوازییەکی ئەوتۆ لەنێوانیاندا نییە ، بەڵکو ئەوەی ئەو دوو چەمکە لێکجیادەکاتەوە لایەنی پراکتیکییە ، لە پراکتیکیدا دەردەکەوێت ، کە بەشداربوانی گوتار دوو کەس یان زیاترن بەڵام لە دەقدا دەکرێت تەنها بابەتێکی نووسراوبێت ، یان دەقێکی خوێنراوبێت زۆرجاریش تەنها نێرەر بە کردەی گەیاندن لە دەقدا هەڵدەستێت و بەشدارە و وەرگر هیچ ڕۆڵێکی نییە ، بەڵام لە گوتاردا ئەو دیاردە بوونی نییە بەڵکو هەمیشە نێرەر و وەرگر بەشدارن .( محمد و مرعي، 2016،ص 1807 ) . ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت ، دەق واتای دەرەکی و ناوەکی زانراوە و هیچ پێویستی بەدەوروبەر نییە ، بەڵام گوتار پێویستە لە دەوروبەرێکی دیاریکراودابێت و هەردوو فاکتەری کاریگەری و کاریگەربوون

فەراهەمبکات ، واتە دەق تەنها کاریگەری لە زیهن و ئاوەز هەیە و لە زیهندا بەرجەستەدەبێت بەڵام گوتار ڕوودا و واقیع و دەوروبەر بەرجەستەدەکات . لە ڕێزمانی گوتاردا پێویستمان بە توانستی پراگماتیکییە ، کە توانای تێگەیشتن و بەستنەوەی بە دەوروبەرەوە بە گوێگر دەدات .

5- لە بنیاتی گراماتیکی گوتاردا جۆرە لادانێکی سینتاکسی و گراماتیکی هەن ، دەرکەوتنیان لە دەقدا بەشێوەی جیاواز و لادانی زمانییە ، بۆنموونە یەکێك لە سیما دیارەکانی گوتار بەکارهێنانی کرداری ڕانەبردووە لە جێی ڕابردوو (قادر ، 2009 ،ل 25 ) .بۆنمونە :

*سەرباری لێکنزیکبوونەوەیان ، ترامپ هەڕەشەی توند لە کۆریای باکور دەکات .*

6- لە زمانەوانی عەرەبیدا گوتار بە فراوانتر دانراوە و دەق وەك جۆریك لە گوتار سەیرکراوە ( الحميرى، 2014،ص 46 ) . دەق سنورداره و گۆڕانکاری تێداناکرێت زۆرجار دەوترێت (لا اجتهاد في النص) بەڵام بەدیوێکیتریشا زۆرجار دەبیستین کە دەوترێت (کاتی دەق و شوێن و بارودۆخی دەقەکە دەبێت بزانرێت )، واتە بۆئەوەی بتوانرێت قسە لەسەردەق بکرێت ، دەبێت دەوروبەرەکەی بزانرێت ، دیارە ،ئاخاوتن لەبارەی دەقێکەوە بەپێی دەوروبەر گوتار بەرهەمدەهێنێت ، هەربۆیە دەقەکە دەبێتە بابەتی گوتار یان دەبرێتە کایەی گوتارەوە . بڕوانە (حمودي و عبد ، 2008 ،ص425 ) .

7- فۆرمی دەق پێکهاتەیەکە دووبار نابێتەوە ،دروستەیەکە لە یەکەیەکی سیمانتیکیی و چەند پەیوەندییەکی سینتاکسیی ڕۆنراوە ، دەکرێت ، بوترێت ، لە نمایشی جیهانێك دەکات ، کە دەتوانرێت وەك جێگرەوەی جیهانی واقیعی سەیربکرێت ، کەچی دووبارەبوونەوەی گوتار دیاردەیەکی ئاساییە ، لە گوتاردا هەوڵی بنیاتنانی جیهانی وەهمی و جێگرەوەیی جێی نابێتەوە ، ئەمەش بەهۆی بوونی هەردوو ڕەگەزی سەرەکی گوتار قسەکەر و گوێگرەوەیە و وا دەخوازێت ئاخاوتنەکانیان لە جیهانی واقعیدابێت و کاریگەری و کارتێکردن هەبێت . (سەرچاوەی پێشوو ،ص 111 ) .

**2-3 لەڕووی ئەرکەوە Funiction:**

ئەرکەکانی دەق و گوتار زۆر و جۆراوجۆرن ،بەپێی بۆچوونی فۆکۆ ئەرکی مێژوویی و کۆمەڵایەتیی ...تد هەر گوتراوێك لە ناو پێکهاتەی گوتاردا دیاریدەکرێت ، واتە بەکارهێنانی گوتار وابەستەیە بەو ئەرکەی وتراو لە کایەیدا بەجێی دەهێنێت و پێوەندییە کۆمەڵایەتی و مێژوویی و زمانییەکانیشی تێدا دیاریدەکریت ( بغوره ، 2000 ،ص103 ) . بەپێی بۆچونەکان باشترین ڕوووونکردنەوەیەك بۆ ئەرکەکانی دەق لەلایەن ا- گروسەوە E.U.Grosseپێشکەشکراوە بۆزیاتر بڕوانە (برينكەر ، 2004 ،ص 137 ) . گرۆسە چەند پێوەرێکی داناوە بۆ شیکارکردنی ئەرکەکانی دەق ، لەوانە:( ڕستەی نەوات و مەبەست لە دەقدا ، فاکتەری سەرنج ڕاکێشان ، ئاماژەی پێشینە ... ) . بەگشتیش ئەرکەکانی دەق بریتین لە :

1- ئەرکی ئاگادارکردنەوە
2- ئەرکی ڕاوێژکاری
3- ئەرکی پابەندبوون
4- ئەرکی پەیوەندیکردن
5- ئەرکی ڕاگەیاندن

هەڵبەت هاوبەشییەك لەئەرکەکان لەنێوان هەردوو چەمکی دەق و گوتاردا هەیە ، چونکە هەمان ئەو ئەرکانەی دەق بەجێیان دەهێنێت گوتاریش بەجێیان دەهێنێت بەڵام جیاوازییەکە لەوەدایە ، لە گوتاردا زۆرجار ئەرکەکان بەپێی ڕەگەز و توخمەکانی گوتار دەستنیشان دەکرێن ، هەربۆیە پەیوەست بە

گوتار ئەوا ڕۆمان جاکۆبسون بەپێی ڕەگەزەکانی گوتار ئەرکەکان دەستنیشان دەکات ، واتە هەر ڕەگەزێك لە ڕەگەزەکانی گوتار ( نێرەر ، وەرگر ، پەیام ، دەوروبەر ، کەناڵ ، زمان )ئەرکی خۆی هەیە . بڕوانە (خلیل ، 2010 ،ص33 )، بەم شێوەیە :

1- نێرەرە ، ئەرکی وروژێنەرە
2- وەرگر ، ئەرکی کاریگەربوون
3- پەیام ، ئەرکی ناوەرۆك و مەبەستە
4- کەناڵ ، ئەرکی گەیاندنە
5- دەوروبەر ، ئەرکی ڕوونکردنەوە
6- زمان ، ئەرکی وەسفکردنە

ئەرکی گوتار گوێگر تێناپەرێنێت ، واتە بە گەیشتنی گوتار لەکات و شوێنی دیاریکراودا بە گوێگر ئەرکەکەی بەجێدەگات و پەیامی بەجێدەگەیەنێت ، لەکاتێکدا ئەرکی دەق بەردەوامی هەیە و لە هەموو کات و شوێنێکدا پەیامی خۆی دووبارە دەکاتەوە و دەیەگەیەنێت و بەجێیدەهێنێت . .

**3-3 لەڕووی واتاوە :**

خاڵێکی گرنگ و جەوهەری بۆ جیاکردنەوەی هەردوو چەمکی دەق و گوتار واتایە ، وابەستەیی دەق و گوتار بەپێی پێوەندی نێوانیان بەپێی بۆچوونی هەندێك لە زمانەوانان پێوەندی جێگیر و نەگۆڕە بە ناجێگیر و گۆڕاوەوە ، چونکە بەلایانەوە دەق یەکەیەکی جێگیر و نەگۆڕە و گوتاریش گۆڕاوە ، دیارە بەپێی هەردوو جۆری سەرەکی واتا سیمانتیکی و پراگماتیکی ، سیمانتیکی نەگۆڕە و پراگماتیکی بەپێی دەوروبەر دەخوڵقێت و دەگۆڕێت ، هەربۆیە دەکرێت بوترێت ، واتای دەق سیمانتیکییە مەگەر دەق بەپێی بەکارهێنانی لە دەوروبەری جیاوازدا واتای جیاواز بگەیەنێت ، دیارە ئەوکاتەش دەق لە کایەی گوتاردا دەبێت بەڵام واتای گوتار هەردوو جۆری سیمانتیکی و پراگماتیکییە ، هەر لەڕووی واتاوە خاوەندارێتی دەقی نووسراو بۆ هەموو خوێنەرێك دەگەڕێتەوە ، کە توانای لێکدانەوە و تێگەیشتنی هەبێت ، بەڵام دەقی گوتراو ئەوا خاوەندارێتی تەنها بۆ ئاخێوەر دەگەڕێتەوە ، ( الحمیري ، 2014 ،ص 115 ) .

هەر پەیوەست بە جیاوازی نێوان دەق و گوتار (الحمیری) بەپێی بۆچوونەکانیان زمانەوانان بۆ چوار گروپ دابەشدەکات . بەمشێوەیە :

گروپی یەکەم : ئەم گروپە جیاوازی نێوان دەق و گوتار لەسەر بنەمای تەواوکاری دەکەن ، بەمەش دەق فۆرم و شێوەی بەرهەمی ئەدەبییە یان بنیاتی دەرەوە و ڕووکەشییەتی ، بەڵام گوتار ناوەرۆك و بنیاتی قوڵی بەرهەمی ئەدەبییە ، دەق هێما (دال) و گوتار هێمابۆکراو (مەدلول )ی بەرهەمی ئەدەبییە . لە زمانەوانانی ئەم گروپە (روجر فاولەر) ، دەق بەوە دەناسێنێت ، کە بنیاتی ڕووکەشی دیار و هەستپێکراوە، بەڵام گوتار ( بیرو باوەڕی نوسەران و گەشەکردن و پێشکەوتنی هزریی و بەها و کەسایەتییەکان و گێڕەرەوە و خوێنەرە ، کە بە زمان دەگەیەنرێت).(سەرچاوەی پێشوو ،ص122) .

بەپێی بۆچوونی ڕوجەر ، هەردوو چەمکی دەق و گوتار لە دوو گۆشەنیگای جیاوازەوە کار لەسەر یەك کەرەستەی زمانیی دەکەن ، ئەویش بەرهەمی ئەدەبییە ، یەکەمیان فۆرم و شێوە و لایەنی مادی و هەستپێکراوی بەرهەمە ئەدەبییەکەیە ، کە دەکرێت (لێوانلێوبێت لەلێڵی یان ڕوونی و جوانی بنوێنێت و خاوەنی فۆرم و داڕشتنێکی باڵابێت(الصائغ ،1999،ص 79) . دووەمیان گوتارە و ناوەرۆك و لایەنی مەعنەوی کارەکەیە ، ئەوەی بە زمان گوزارشتی لێدەکەین و ئەو بیروباوەڕەیە بە عەقڵ درکی پێدەکەین .

گروپی دووەم لە زمانەوانان دەق و گوتار لەڕوانگەی خاڵە هاوبەشە تایبەت و گشتییەکانی نێوانیانەوە جیا دەکەنەوە ، واتە لە هەندێك خوسڵەتدا هاوبەشن و لە هندێکیشدا جیاوازن . لە زمانەوانانی ئەم گرووپە ( لیتش و شورت ) کە دوو جەمسەری قوتابخانەی شێوازگەری نوێن ، گوتار بەوە دەناسێنن ، کردەی پێوەندییە لەنێوان قسەکەر و وەرگردا ، فۆرم و شێوەی لە ئامانجێکی کۆمەڵایەتییەوە وەردەگرێت ، بەڵام دەق وەك کردەیەکی گەیاندن لەڕێی کۆدی نێرراو بە نووسین یان زارەکی دەگەیەنرێت . بەمەش دەق وەك نوسین وگرافیك دەردەکەوێت بەڵام گوتار پەیوەستە بە لایەنی دروستە و پێکهاتەوە .

بەو پێودەنگە و بەپێی ئەو بۆچوونە هەردوو پێکهاتەی دەق و گوتار کردەی پێوەندیکردنن بەڵام جیاوازی نێوانیان بەپێی بۆچوونی (لیتش و شورت ) ئەوا لە تێڕوانینیانەوە بۆ ئەو کردەیە واتە( کردەی پەیوەندیکردن) سەرچاوەدەگرێت ، بۆ نمونە گەر لە گۆشەنیگای مەرجەکانی ئەو کردەیەوە بڕوانین ئەوا دەبینین ، گوتار پێویستی بە قسەکەر و گوێگر هەیە ، فۆرمیشی بەپێی ئامانجێکی کۆمەڵایەتی دەستنیشان دەکرێت ، بەڵام دەق لە ڕوانگەی مەرجەکانی وەرگرتنی کردەی پەیوەندیکردنەوە لێدەڕوانین ، کردەیەکی جفرەدارە لەڕێی نووسین یان بەزارەکی دەگەیەنرێت . هەروەها بەپێی زمانەوانی دەق ، ئەوا دەق یەکەیەکی باڵای سەربەخۆیە ، مەرج نییە هەمیشە لە دەوروبەری پێوەندیکردن و بوونی قسەکەر و گوێگردا یان مەحکومی مەرجەکانی قسەکەر و گوێگر و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان بێت . ( برینکر ،2010 ،ص 31 ) .

دەق بەو شێوەیە دەربڕراوێکە یان وتراوێکە پێوەندی بە خوێنەر یان گوێگرەوە هەیە ، بەڵام گوتار دەربڕراوێکە چەند مەرجێکی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری حوکمی دەکەن . هەروەها بەپێی بۆچونی ئەو دوو زانایە گوتار ئەو وتن و نوسراوانەیە کە ئەنجامی دەدەین بەڵام دەق ئەو بەرهەمانەیە ، کە دەیبیستین یان دەیخوێنینەوە ( الحمیري ، 2014 ،ص 124 ) .

گروپی سێیەم لە زمانەوانان لەسەر بنەمای تێکچڕژان و ئاوێتەبوون جیاوازی لە نێوان دەق و گوتاردا دەکەن ، بەوەی دەق ئەوەیە ، گوتار دەیگەیەنێت ، واتە گوتار دەق دەردەخات و دەیخاتەڕوو ، وەك ڤان دایك دەڵێت :دەق تەنها بنیاتێکی تیۆرییە یان یەکەیەکی ئاوەزییە تەنها لەڕێی گوتارەوە وەك کردەیەکی گەیاندن دەردەکەوێت و بەرجەستەدەبێت )(هەمان سەرچاوە) . دیارە لەڕێی ئەو پێوەندی و ئاوێتەبوونەوە دەق و گوتار وابەستەدەبن ، ئەو وابەستەگییەش بریتی دەبێت لە پێوەندی نێوان بنیاتی تیۆریی دەق و دەوروبەری بەکارهێنانەکەی ، کە ئەمەیان لە گوتاردا دەردەکەوێت . هەروەك ڤان دایك بۆی دەچێت ، گوتار دەوروبەری بەکارهێنانی دەقە (: Dajik,1979). بەم شێوەیەش دەق دەبێتە ڕۆنانی ناوەوەی گوتار و گوتار لایەنی بەدیهاتنی دەقە .(کەمال ، 2009 ،ل 9 ) .

گروپی چوارەم لە زمانەوانان نووسین دەکاتە بناغەی جیاکردنەوەی دەق لە گوتار ، بەبۆچوونی ئەو گرووپە دەق دەنووسرێتەوە بەڵام گوتار مەرج نییە بنووسرێتەوە ، لەو زمانەوانانەی ئەم خاڵەیان پێڕەو دەکرد ( پۆل ریکۆر ) دەق بەوە دەناسێنێت ، کە هەموو گوتارێکی بە نووسین جێگیرکراوە ، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە گوتار چالاکی پێوەندیکردنەو سەرەتا بەشێوەی زارەکی بنیاتدەنرێت ، بەڵام دەق نووسراوێکی تۆمارکراوە ، وەك (ڕویرا سکابیت) بۆیدەچێت گوتار ئاخاوتن بەرهەمی دەهێنێت بەڵام دەق نووسین بەرهەمی دەهێنێت ، ئەمەش ئەوەدەگەیەنێت ، گوتار لە گوێگر تێناپەڕێت ، کەناڵ و کات و شوێنی زۆر سنوردارە و پەیوەستە بەساتی بەرهەمهێنانییەوە بەڵام دەق بەردەوامی هەیە ، لەنووسینییەوە سەرچاوە دەگرێت و لەهەموو کات و شوێنێکدا دەخوێنرێتەوە (الحمیري ، 2014 ،ص 125 ) . ئەوەی جێی سەرنجە برینکەر بۆچونێکی جیاوازی سەبارەت بەو شیکارکردنەی دەق و گوتارهەیە ، کەلەسەر بنەمانی نووسین و زارەکی بنیاتنراوە ، بەپێی بۆچوونی برینکەر لە زانستی شیکاری زمانی دەقدا ، قاڵبی نووسراوی دەق تەنها مەرجی دەق نییە

بەڵکو دەربڕراوە زارەکییەکانیش دەکرێت دەق بن ، بۆنموونە زمانەوانی دەق کار لەسەرمۆنۆلۆگ دەکات ، واتە ئاخاوتنی تاك لەگەڵ خودی خۆیدا.(برینکر، 2010 ،ص 37 ) .

**ئەنجام :**

گرفتی دەق و گوتار، کێشەیەکی لە مێژینەی زمانەوانییە ، لەسەردەمی گریکییەکانەوە تا ئەمڕۆ بەردەوامە ، زمانەوان لە هەموو سەردەم و قۆناغە جیاوازەکاندا بۆچوونەکانیان لەسەر هەردوو چەمکی دەق و گوتار جیاوازی هەبووە و هەیە ، هەمیشە دەق و گوتار سەرچاوەی دابەشبوونی زمانەوانان بوون بۆ کۆمەڵ و گرووپی جیاواز . لەوسۆنگەیەوە لەتوێژینەوەکەماندا گەیشتوینەتە ئەم ئەنجامانە :

1- سەرباری جیاوازییەکانیان بەڵام دەق و گوتار خاڵی هاوبەشیان هەیە و کۆیان دەکاتەوە ، لەوانە : هەردوو چەمکی دەق و گوتار دوو یەکەی زمانین پەیام و ئەرکیان هەیە ،ئامانجی هەریەك لە دەق و گوتار کارتێکردنە لە خوێنەر و گوێگر ، زۆرجار پەیام و ئەرکی دەق و گوتار هاوبەشن ، لەوانە : هۆشیارکردنەوە ، ئاگادارکردنەوە ،ئامۆژگاری و ڕێنوێنی و پەروەردە و فێرکردن و ئەرکی زانستی و ئایدۆلۆژي ...تد .

2- دەق یەکەیەکی سیمانتیکی و نەگۆڕە ، بەڵام گوتار دەگۆڕێت ، دەق پێویستی بەدەوروبەر نییە بۆ گەیاندنی پەیامەکەی ، بەڵام ڕەگەزێکی سەرەکی گوتار دەوروبەرە واتای گوتار زۆرجار وابەستەیە بە دەوروبەرە جیاوازەکانەوە . دەق دووبارە نابێتەوە و هیچ جۆرە دەستکارییەك قبوڵناکات ، گوتار توانای چەندبارەبوونەوە و دەستکاریکردن و گۆڕین و هەڵوەشاندنەوەشی هەیە .

3- لەدەقدا خوێنەر ڕۆڵی دەبێت و خاوەندارێتی واتای دەقی نووسراو بۆ خوێنەر دەگەڕێتەوە ،هەڵبەت ئەو خاوەندارێتییەی واتای دەق لەلایەن خوێنەرەوە دەکەویتە ژێر هەژموونی باری سایکۆلۆژي و سۆسۆلۆژی و ئایدۆلۆژییەتە جیاوازەکانەوە ، هەر خوێنەریشە بڕیار لەسەر دەق و نادەق دەدات ، کەچی خاوەندارێتی واتای گوتار بۆ قسەکەر دەگەڕێتەوە و قسەکەر ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت لە گەیاندنی پەیام و مەبەستی گوتار بەپێی دەوروبەرە جیاوازەکان . سەرباری ئەمەش ململانێی گوتارەکان کە لە بوونی ئایدۆلۆژییەتی جیاواز و چینە جیاوازەکانی کۆمەڵەوە سەرچاوە دەگرێت ڕۆڵی دیاری هەیە لە واتای گوتاردا ، کاریگەربوون و کارتێکردن کە لە سیما دیارەکانی گوتارن لەو ململانێ مێژوویەوە سەرچاوە دەگرن ، کە لە نێوان چینەکانی کۆمەڵدا هەن ، نەك تەنها لە بوونی قسەکەر و گوێگر .....تد .

4- لە گوتاردا بەهای تەواوی دەربڕراوەکان دەردەکەوێت ، چونکە ئامانجی گوتار ڕوونکردنەوەی (دەق و گوتن)ەکانە ، کردنەوەی کۆدەکانیانە بەمەبەستی گەیشتن بەپەیامی وتراوەکان ، ئەو پەیامەی مەبەستی دەق و گوتراوەکانە بیگەیەنن بە گوێگر و خوێنەر ، هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەیە ، بەشێك لە زمانەوانان دەق وەك بەشێك لە گوتار سەیر بکەن .

5- لەڕووی واتاوە دەق هەڵگری واتای سیمانتیکییە کە زۆرجار لەڕێی پەیوەندییە سیمانتیکی و گراماتیکییەکانی ناو کەرەستە پێکهێنەرەکانی ڕستەکانی دقدا هەن ، هەندێجاریش ئەو پەیوەندییە گراماتیکییە لە دەقدا بوونیان نابێت ، بەڵام لە واتای گوتاردا توانستی پراگماتیکی ڕۆڵی زۆر دەبینێت ئەو توانستەی لەڕێی دەوروبەرەوە فەراهەم دەبێت .

6- تایبەت بەگێڕانەوە وەك ڕەگەزێکی دەق و گوتار ئەوا جیاوازی لە نێوان ئەو دوو چەمکەدا هەیە ، دەق هەڵگری چیرۆك و ڕووداو و بەسەرهات و زانیارییە ، لە کایەی دەقدا ئەو ناوەڕۆکانە بوونیان هەیە بەڵام لە گوتاردا گێڕانەوەی ڕووداو و چیرۆك زانیارییەکان هەن.

7- پەیوەندیکردن لەهەردوو چەمکی دەق و گوتاردا هەیە ، بەڵام بە شێوازی جیاواز ، لە گوتاردا پەیوەندیکردن ڕاستەخۆیە و مەحکومی بوونی قسەکەر و گوێگرو دەوروبەرە ،گوتار سنووری گوێگر تێناپەڕێنێت ،کەناڵ و کات وشوینی بەرهەمهینانی گوتار زۆر سنورداره کەچی لە دەقدا مەرجی قسەکەر و گوێگر بوونی نییە بەڵکو زۆرجار نووسەر بەخەیاڵ و ئەندێشە دەقەکان دەچنێت و پەیامەکەی ئاراستەدەکات ، هیچ چاوەڕوانی وەڵامدانەوەش ناکات .

**سەرچاوەکان :**


1- بارت ، ڕۆلان ، 2007 ، چێژی دەق ، و. ئیسماعیل زارعی ، هەولێر .
2- عومەر ، علی شێخ ، 2015 ، ڕۆنانی دەق و تەنگەژەی خود ، کەرکوك .
3- فەرهادی ، ساجیده عبدالله ، 2003 ، ڕستەوپاش ڕستە ،نامەی دکتۆرا ، زانکۆی سەلاحەددین ، کۆلێجی زمان ، هەولێر .
4- قادر ، شێرکۆ حەمەئەمین ، 2009 ،شیکارێکی گوتاری چیرۆکە هەواڵ ، نامەی دکتۆرا ، ، کۆلێجی زمان زانکۆی سلێمانی .
5- کاکل ، قەیس ، 2002 ، پەیوەندییەکانی ناو دەق ، نامەی دکتۆرا ، زانکۆی سەلاحەددین ، کۆلێجی زمان ، هەولێر .
6- کمال ، دیار علی ، 2009 ، گوتاری سیاسی کوردی لەڕوانگەی پێشگریمانەوە ، نامەی دکتۆرا . زانکۆی سەلاحەددین ، کۆلێجی زمان . هەولێر .
7- محەمەد ، دارا حەمید ، 2010 ، واتاسازی ، سلێمانی .
8- محەمەد ،دارا حەمید ،2012 ، شیکاری ڕستەی ئاڵۆز لەڕوانگەی پراگماتیکەوە ، نامەی دکتۆرا ،کۆلیجی پەروەردە ، زانکۆی سلێمانی .
9- محەمەد، دارا حەمید، 2013 ، هەندێ لایەن لە تیۆرییەکانی زمان ، سلێمانی .
10- الباردي ، محمد، 2004 ، إنشائية الخطاب في الرواية العربية الحديثة ، مركز النشر الجامعي ، تونس
11- البحيري ، سعيد حسن ، 2010 ، اسهامات اساسية في العلاقة بين النص و النحو و الدلالة ، مؤسسة المختار ،مصر .
12- الحميري ، عبدالواسع ، 2014 ، الخطاب و النص ، مفهوم ، العلاقة السلطة ، المؤسسة الجامعية للدراسات و النشر و التوزيع ، بيروت .
13- الصائغ ،عبدالاله ،1999 ، الخطاب الشعري الحداثوي و الصورة الفنية الحداثة وتحليل النص ،المركز الثقافي العربي ، بيروت .
14- برينكر ، كلاوس ،2004 ، التحليل اللغوي للنص ، ترجمه سعيد البحيري ، مؤسسة المختار ، القاهره ، مصر.
15- بغورة ، الزواوي ، 2000 ، مفهوم الخطاب في فلسفة ميشيل فوكو ، الهيئة العامة لشؤون المطابع الاميرية .
16- بوگراند ، روبێرت دی ، 1998 ، النص و الخطاب و الاجراء ) ، ترجمة د. تمام حسان ، عالم الكتب ، القاهرة .
17- توفيق ، محمود ، 2009 ، دلالة الألفاظ على المعاني عند الأصوليين دراسة منهجية تحليلية،مكتبة الوهبةلنشر و التوزيع ، السعودية .
18- ثامر ، فاظل ،2012 ، الوحدات السردية للخطاب ، اربيل .
19- جينيت ، جيران ، 2003 ، خطاب الحكاية ،تر،محمد معتصم وآخرين،ط3،منشورات الاختلاف.
20- حمودي ، خالد عبود و عبد زينه جليل ، 1008 ، البحث الدلالي عند الاصوليين ، مركز البحوث والدراسات الاسلامية ، بغداد .
21- خليل . ابراهيم ، 2010 ، مدخل الى علم اللغة ،دار المسيرة للنشرو التوزيع و الطباعة،الاردن .
22- سوسير ف.دي ، 1988 ، علم اللغه العام ، ت . يوسف يوئيل ، دار الافاق العربيه ، بغداد .
23- شبلنر، برند علم اللغة و الدراسات الأدبية، ترجمة محمود جاد الرب، جامعة الملك سعود الريـاض، د .ط، ص .188 .

24- عزام ، محمد ،2001 ، النص الغائب: تجليات التناص في الشعر العربي، منشورات اتحاد الكتاب العرب، دمشق، ، ص14.
25- عزيز ، گوليزار كاكل ، 2011 ، الروابط الخارجية المحققة للتماسك النصي في المثل القراني ، گۆڤاری زانکۆی کۆیە ژمارە21 .
26- فاركلوف ، نورمان ، 2009 ، تحليل الخطاب (التحليل النصي في الخطاب الاجتماعي ) ترجمة د. طلال وهبة ، بيروت
27- فضل ، صلاح ، 1992 ، بلاغة الخطاب وعلم النص، عالم المعرفة، عدد 164، ، ص 216.
28- محمد ، ابراهيم احمد و ، مرعي عبدالقادر ، 2016 ، فض الشراكة المفاهيمية بين النص والخطاب ، ، دراسات، العلوم الإنسانية والاجتماعية، المجلد 4 ملحق، 43 ، جامعة اليرموك ، الاردن .
29- مكدونيل ، ديان ، 2001 ، مقدمة في نظريات الخطاب ،ترجمة د. عزالدين اسماعيل ، المكتبة الاكاديمية ، مصر .

30- Dijk.A.Van,1989, Text and Context , Longman , Linguistics,Library.

31-Halliday & Hasan,Ruqaia,1976,cohesion in English, Longman,London .

32- Jafari.Nastaran&shahbazi.Ali,1999,A Dictionary of Discourse Analysis , Rahnama publications .

33--Paul.James,2010, An introduction to Discourse Analysis theory and method ,university of Florida, USA .

34- Salkie. Raphael ,2001,Text &Discourse Analysis ,

35-Schmid . J . R , 1973 , Text theorie , problem einer linguistics der sprachlichen Komonocation , munchen .

36-.Widdowson . H.G, Discourse Analysis ,Oxford university press.

**سەرچاوەی نمونەکان :**

1- گۆران ، دیوان ، 1980 ، کۆکردنەوە و پەراوێز و پێشەکی محەمەدی مەلاکەریم ، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد ، بەغدا .
2- عەلی . بەختیار ،2008 ، غەزەلنووس و باغەکانی خەیاڵ ، سلێمانی .
3- هەڵمەت . لەتیف ، 2013 ، دیوانی منداڵان ، کۆمەڵەی ڕوناکبیری کەرکوك ، کەرکوك .

## النص و الخطاب في اللغة الكوردية

## المفهوم و الاختلاف

**ا.م.د. دارا حميد محمد**

**جامعة گرميان**

**كلية التربية / قسم اللغة الكوردية**

**Dara.hamid@garmian.edu.krd**

**الخلاصة :**

تتناول هذه الدراسة الموسومة ب(النص و الخطاب في اللغة الكردية ، المفهوم و الاختلاف) مشكلة لغوية قديمة حديثة ، الا وهي التمييز بين النص و الخطاب ، ومن هنا تكمن اهمية البحث فعلى الرغم من قدم موضوع البحث لم يتم الفصل بين النص و الخطاب على نحو نهائي الى يومنا هذا ، اذ تحاول هذه الدراسة ذلك ، و اعتمد الباحث المنهج الوصفى التحليلي ، مستفيدا من النطرية التواصلية لرومان جاكوبسون ، وقسم الباحث الدراسة على ثلاثة محاور، يتناول المحور الاول مفهوم النص واسسه و اختص المحور الثاني للخطاب مفهومه وانواعه ، اما المحور الثالث فتناول اوجة الشبه والاختلاف بين النص و الخطاب ، وتوصل الباحث الى عدة نتائج منها :

1- النص وحدة دلالية ثابتة و لا تتكرر ، وليس من الضرورة ان تتوفر في البناء النحوي للنص القواعد النحوية والصرفية الكاملة الموجودة في الجمل المكونة للنص ، لان النص قد تكون كلمة او جملة او قصة او رواية ، اما الخطاب فوحدة لغوية تتغير بتغيير سياقات استعمالها . والكفاءة التداولية عنصر مهم في دلالة الخطاب .

2- الاتصال عنصر مشترك في كل من النص والخطاب ولكن على نحو مختلف ، فالاتصال في الخطاب يكون وجها لوجه لضرورة وجود المتحدث و المخاطب اما في النص فالاتصال قد يكون مباشرا او غير مباشر وليس بالضرورة وجود متلقي بل يكون هناك قاريء . التاثير و التاثر سمة واسعة للخطاب ، و المنافسة بين الخطابات مصدرها منافسة طبقات المجتمع و الايدولوجيات المختلفة في المجتمع ، لذالك فان التاثير و التاثر للخطاب لايعودان الى وجود المتكلم و المخاطب فحسب بل يعود الى تلك المنافسة التاريخية بين طبقات المجتمع

**Text and Discourse in Kurdish Language**

**Concept and Difference**

**Ass.prof. Dr. Dara Hamid Muhammad**

**University of Garmian**

**College of Education**

**Kurdish Department**

**Dara.hamid@garmian.edu.krd**

**Abstract**

This paper entitled "Text and Discourse in the Kurdish Language: Concept and Difference" is an attempt to solve one of the old- new linguistic problems which is the difference between text and discourse, and this fact discloses the importance of the paper since the linguists have been in controversy regarding the two terms and nobody could designate the real border between them.

The paper follows the analytic-descriptive method using the middle dialect. It also follows Roman Jacobson's theory of connection and it is divided into three parts. The first part, the concept, definition, range, and principles of text are displayed while the second part studied discourse, its types, its conditions, and its principles. In the last part, attempt is made to explain both concepts of text and discourse. The paper ends with some conclusions like the following:

1. Since text is a semantic unit, it is fixed and unrepeatable. It is not necessary to have all the grammatical and syntactical rules in it that are used to make a sentence because a text may be one word, a sentence, or even a novel. But discourse changes according to its environment and its use, and as far as meaning is concerned, pragmatic ability in discourse is important.
2. Connection is a common point between text and discourse, but in different shapes. In discourse, connection is direct and face to face because we have speaker and receiver; while in text, it is not necessary for connection to be direct or to have receiver, rather, there is a reader. Furthermore, influence and perception are among the famous characteristics of discourse which emanates from different ideologies and different classes in the society not only because of speaker and receiver.